پەیوەندییە گشتییەکان                                    قۆناغی دووەم

# سەرهەڵدان و گەشەکردنی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان

م. پەیمان مەجید خدر

# سەرهەڵدان و گەشەکردنی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان

- چەمکی پەیوەندییە گشتیەکان لەم سەردەمی ئێستا، بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە و مەوداکانی بەرفراوان بوونە، و ئێستا هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی زۆرێك لەو بوارانەی کە پێشتر لە چالاکیەکانی دەولەت بوو .

# سەرهەڵدان و گەشەکردنی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان

- لە دەرئەنجامی ئەو پەرەسەندنە مەزنانەی لە بوارە جۆراوجۆرەکان ڕوویدا و بە تایبەتی لە بواری هۆکارەکانی گەیاندن وبە هۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ئەرکی دەوڵەت دا رووی داوە.

# سەرهەڵدان و گەشەکردنی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان

- ئەگەر پێشووتر چەمکی زانستە سیاسیەکان تەرکیزی کردبێتە سەر دامەزراوە سەرەکیەکانی حکومەت و دەولەت، لە ئێستادا زانستە سیاسیەکان لە ڕێگای پەوەندییە گشتیەکانەوە گرنگیو پانتاییێکی تەواوی بۆ کۆمەلگاو هاولاتیان دابینکردووە .

# سەرهەڵدان و گەشەکردنی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان

- لە دوای ئەو گۆرانگاریانەی لە ئەرکی دەوڵەتدا رووی داوە لە ئێستادا بە هۆی زیادبوونی ئاستی کارلێکی نیوان دامەزراوە مەددەنیەکان، لە ئێستادا ئەبێت دەوڵەت لە کۆمەلێك ئەرکی تر بەشدار بێت، وەك رۆڵی دەوڵەتدا لە کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی، و کەرتی سێ یەم کە بیریتیە لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە کاریگەری گرنگی هەبو لە سەر پەیوەندییە گشتیەکان ، ئەوەی تەوژمی ئەم کارلێکەشی خێراتر کردووە شۆرشی تەکنەلۆجیاو پێوەندیەکانە.

# سەرهەڵدان و گەشەکردنی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان

- چەمکی پەیوەندییە گشتیەکان لە کۆتایەکانی سەدەی 19سەری هەڵدا لە دەزگا حکومییەکان ،بەڵام پێشکەوتن و گەشەکردنی دەگەرێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنانەی لە بواری **قوتابخانەی سلوکی**school Behavior رووی دا لە بواری زانستە کۆمەلایەتیەکاندا بە تایبەتیش لە **وولآتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست** ( 20 ) ،واتا ساڵی **1950** گەشەکردنی ئەو قوتابخانەیە بە شێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری هەبوو لەسەر گەشەکردنی زانستە سیاسیەکان و کەدواتریش چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان .

# سەرهەڵدان و گەشەکردنی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان

- و لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم واتە لە دوای ساڵی 1950 گرنگی زیاتری پێدرا بە هۆی ئەوەی گوزارشتی ئەکرد لە کۆمەڵێکی فرە جۆر لە جالاکی لەناو کۆمەڵگادا، بەشێوەیکی گشتی پەیوەندییە گشتییەکان بریتیە لە بازنەی گرێدەر (حلقە وصل) کە ریکخراوەکان و جەماوەر گری ئەدا بە یەك،و تیایدا جەماوەر دابەشن ئەبنە دوو جۆر:

# سەرهەڵدان و گەشەکردنی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان

- یەکەم:– جەماوەری ناوخۆیی" کە بریتین لە کارمەندەکانی ناو ڕێکخراوەکان ".
- دووەم:– جەماوەری دەرەکی "کە بریتین لە هاوڵاتی،داڕێژەرانی بڕیاری سیاسی ،ڕێکخراوە ڕەکابەرەکان ،هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، سەرمایەداران و نوخبەکانی کۆمەڵگا .

# سەرهەڵدان و گەشەکردنی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان

- به هۆی ئەو گۆڕانکارییانە لە ئەرکی دەوڵەت، ژمارەی دەزگای فەرمییەکانی زیادی کرد و بوە هۆی زیاد بوونی ژمارەی کارمەندەکانی بەڕێژەیەکی بەرجاو،ئەمانە هەموی بونە هۆی گرنگی پێدان بە بونیات نانی پەوەندیەکی باش لەگەڵ جەماوەرکان و هەر وەها دروست کردنی یەکەی تایبەت بە پەوەندییە گشتیەکان بۆ ئەوەی هەڵسەن بە ڕێکخستنی ئەو پەیوەندیانە، ودروست کردنی متمانە لە نێوان دەزگا حکومیەکان و هاوڵاتیان، و ئەمە بە شێوەیکی گرنگ پێویستی ئەکرد بە بوونی جەند کەنالێکی پەیوەندی نێوان حکومەت و هاوڵاتیان ڕێك بخات وبیان بەستێتەوە بە یەکتر.

# سەرهەڵدان و گەشەکردنی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان

- و نەك تەنها لە سەر ئاستی ناوەکی و بەهەمان شێوە لە سەر ئاستی دەرەکیش یاخود نیودەوڵەتی بە هوی ئەوەی وڵاتەکان بە تەنها بوونیان نییە بەڵام بەشێکن لە گۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هەروەها جالاکن لەگەل ژینگەی نێودەوڵەتی  بە هۆی ئەوە کاریگەری کە لە نێوانیان بوونی  هەیە .

# سەرهەڵدان و گەشەکردنی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان

- لە ئێستادا ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە بواری سیاسی زۆر فراوان بووە ،و هەروەها سیاسەتمەدارەکان ئێستا گرنگییەکی زۆر بە پەیوەندیە گشتیەکان ئەدەن بۆ کاریگەری کردن لە سەر بۆجونی هاولاتیان و بەدەست هێنانی پشتگیریەکانیان، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بونیاتنانی شێوازی پەیوەندی نێوان حکومەت و هاوڵاتیەکان لە لایەك ، و نێوان پاڵیوڕاوە سیاسیەکان و دەنگدەران لە لایکی دیکەوە.

# سەرهەڵدان و گەشەکردنی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان

- پەیوەندییە گشتییەکان ئێستا هێزێکی کاریگەرە بۆ پشتگیری کردنی هێزە سیاسیەکانە ج لەسەر ئاستی حکومەت ، یاخود لە سەر ئاستی پاڵیوڕاوەکان بۆ پۆستە سیاسیەکان، و ئێستا پەیوەندییە گشتییەکان بۆتە هێزێکی کرنگ  کە کاریگەری هەیە لە سەر پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی وڵاتەکان ، جونکە ئەگەر سیاسەتمدارەکان پەیڕەوی پرۆگرامە سیاسیەکان بکەن ، ئەوە کارمەندانی بواری پەیوەندییە گشتییەکان هەڵدەستن بە باوەڕپێهینانی رای گشتی دەربارەی گرنگی و دروستی ئەو پرۆگرامە سیاسیانە و بەدەست هێنانی متمانەی و ڕەزامەندی هاوڵاتی دەربارەیان.

# پێناسەی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان

- هەوڵدان بۆ ناسین و پێناسەکردنی هەر چەمکێکی زانستە کۆمەلایەتیەکان کۆدەنگییێکی تەواوی لەسەر نیە، چەمکی پەوەندیە گشتییەکانیش بەدەر نیە لەم ئالۆزی فراوانیە، بەلاّم ئەمە بەو مانایە نی یە کە ئێمە نەتوانین پێناسەیەکی پووخت و دروست بۆ ئەو جەمکە بدۆزینەوە بەتاییبەتی لەبەر رۆشنایی کۆمەلێك بیرمەند و توێژەر و فەیلەسوفە سیاسیەکان بۆیە زۆر جار پێناسەی پەیوەندیە گشتییەکان لە چوار چێوەیەکی زۆر بەرفراوان دەکرێت .

# پێناسەی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان

- ژمارەیەك لە بیرمەندەکان پێیان وایە کە : (پەیوەندیە گشتییەکان ئەو جالاکییەی کە هەوڵی بەدیهێنانی هەماهەنگی و لەیەك تێگەیشتن لە نێوان دامەزراوەکان و جەماوەرەکانی) .

# پێناسەی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان

- زانای ئینگلیزی صامویل بلاك Sam Black.لە کتێبی The Role of public relations پێناسەی پەیوەندیە گشتییەکان ئەکات بە ( پەیوەندیەکی دوو لایەنە بۆ جارەسەرکردنی ئەو کێشە و ناکۆکیانەی کە پەیوەستن بە لێکدادانی بەرژەوەندیەکان و دەسکەوتەکان ، لە ڕێگەی ووشیار کردنەوە بە لایەنە بە سودەکانی ئالگورکردنەوەی ئەو دەسکەوت و بەرژەوەندیانە ، هەروەها گرنگی ئەدات بە بنیاتنانی تێگەیشتنی دوو لایەنە لە سەر بنەمای ڕاستی و مەعریفەت ) .

# پێناسەی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان

- کانفیلد پێناسەی پەیوەندیە گشتییەکان ئەکات بەوەی کە (فەلسەفی کۆمەڵایەتی دامەزراوەکانە، کە گوزارشتی لێ ئەکات لە لە ڕێگەی جالاکییەکانی و سیاسەتە ئاشکراوەکانی بۆ جەماوەرەکانی بۆ بەدیهێنانی متمانەو پاڵپشتییەکانیان.

# پێناسەی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان

زانا ی  ئەمریکی ئێدوارد جی ڕۆبنسون  ، پێناسەی پەیوەندیە گشتییەکان ئەکات  بەوەی کە( زانستێکی کۆمەلایەتی، ڕەفتاری تەتبیقی یا خود پەیڕەو کردنی زانستە کۆمەلایەتی و ڕەفتارەکان )

# پێناسەی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان

1. پێوانە و وهەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی بۆجونی ئەوە جەماوەرانەی کە پەیوەستن بە دامەزراوەکان.
2. هاوکاری کارگێرەکان بو دیاری کردنی ئەو ئامانجانەی کە هەوڵی زیاد کردنی تێگەیشتن و هەماهەنگی لە نێوان دامەزراوەکان و جەماوەر لە کۆمەڵگادا .
3. دروست کردنی هاوسەنگی لە نێوان ئامانجەکانی دامەزراوەکان و نێوان ئامانج و بەرژەوەندی و جەماوەرەکان.
4. دارشتن و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو پرۆژانەی کە بۆ بەدستهێنانی ڕزامەندی جەماوەرەکانی ئەنجام دەدرێن.

# پێناسەی چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان

**پەیوەندیە گشتییەکان هەلدەستێت بە پتەو کردنی پەیوەندیەکانی دامەزراوەکان لەگەڵ جەماوەرەکی بۆ دروست کردنی شێوازێکی جوان لە خەیاڵی ئەو جەماوەرانە لە ڕێگەی هۆکارەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن ، و هەروەها هەڵئەستێت بە گواستنەوەی داواکاری و بۆجونی جەماوەرەکان بو دامەزراوەکان،کەواتە ئامرازێکی گەیاندنی دوو لایەنە.**